بۆب دیلان و نۆبڵی پڕپڵیستانە! ... ئیسماعیل حەمەئەمین

(سەرنجێکی هەخنەگرانە لەخەڵاتی ئەدەبی نۆبل ٢٠١٦)

١

بۆب دیلان Bob Dylan لەشەستەکانی سەدەی بیستدا لەنێو بزوتنەوەی ١٩٦٨ی دژ بەجەنگی ڤێتنام و هەڤرمی خوێندکارانی چەپی ئەوروپادا وەك (هێك ستار) دەرکەوت، لەهەمانکاتیشدا شیعرەکانی خەڵکی کردە گۆرانی بە جەماورێکی پان و بەرین، بەمانای پۆپ دیلان هەڵگری (کولتورێکی پۆپڵیسستیە) بەدیووە چەپەکەیەوە. پۆپڵیستیەك کە نیولیبرالیزم ئەمڕۆ بەدیووە شمەکخێری و فاشیزمەکەی سوودی لێدەبینێت وەیکاتە فاشیزمی جەماوەری میدیایی لەدژی کولتوری کلاسیکی خوێندنەوە و بیرکردنەوەی قووڵ. لێرەوە بەخشینی ئەم خەڵاتە بە (بۆب دیلان) بەڵای من، پشتگیرکردنێکی کولتوری پۆپڵیستیە، کەئێستا هێگەخۆشکارە بۆ گەشەسەندنی هەگەزپەرستی ترامپی و باڵی ڕاستی کۆنزەڤاتیڤ و نیو لیبرال لەدونیادا.

گەر ئەم خەڵاتە لەحەفتاکانی سەدەی بیستدا ببەخشرایە بە (شاعیر و هێك ستارێك) ئەوا ماناکانی شۆڕش و ڕادیکاڵیەتی لەبەرامبەر ستەمی کۆمەڵایەتی و (کولتوری دژە جەنگ) و (دژە چەك فرۆشتن) قوڵترەدەکردەوە، بەڵام دوای زاڵبوونی کولتوری فاشیزم و میدیای هەرزان و پۆپڵیزم بەسەر ماناگەورەکانی سیاسەت و ئەدەب و فیکردا، بەخشینی ئەم خەڵاتە وەك بەخشینی مەدالیایەکە بەجەنگاەرێك کەسەردەمی بەسەرچووە.
دیارە دوای ئەم هەموو ساڵە و دوای ووخانی بلۆکی سۆسیالزم بەهەموو هەڵەکانیەوە، دونیا نەبوو بەو بەهەشتەی نیولیبرالیزم بانگەشەی بۆدەکرد. ئەوان دەیانگووت گەر هاتوو خۆی شێشگۆەکان، خۆەکەی مارکس کەلەمانفێستدا باسیدەکات بەرێکی دونیا بەردەن، ئەوا دونیا دەبێتە بەهەشتێکی ڕاستەقینە. لەدوای ووخانی بلۆکی سۆسیالزم نیولیبرالێکی وەك (فۆکۆیاما) بانگەشەی کۆتایی مێژووی کرد، وەك ئەوەی بیەوێت بڵێت؛ دوا قۆناغی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە نیولیبرالیزم و ئەمریکانزمدا خۆی دەبینیتەوە! لەدوای ئەو

گەوجێکی تری وەك (سامێل هینگتۆن) هات ئاینی کرده کولتور و ئەم دووچەمکەی پێکەوە گرێدا، کولتوری لەهەندە ئەدەبی و هونەری و کەلەپوری و بیناسازیەکەی دابڕی و هەمووی لەئایندا کڵی کردەوە و گووتی ؛ شەڕی دونیای تازە شەڕی کولتورەکانە کەمەبەستی شەڕی ئاینەکان بووا! لەم گۆشەنیگایەوە ئەمریکانزم کەوتە پاڵپشتی بزواتەکانی وەك قاعیدە و تاڵیبان و شوناسە مەزبەهی و ئاینینەکانی تڕخکردەوە، دەرئەنجامەکەشی فیگوری ترامپی لێدەرچوو وەك دیاردەیەك بۆ ئەم کولتورە نیولیبرالە. بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بە (بۆب دیلان) بەخشینی خەڵاتە بەلایەنە پڕپاگەندەیستی و کولتوری ئاهەنگسازیە پڕپاگەندەیستیەکەی (کولتوری دژە جەنگ) و هەوتی دژە نایەکسانی لەدونیادا، بەمانای زەقکردنەوەی پڕپاگەندەیزمە لەمژووە دوورەکەیدا .

دیارە لەشەستەکانی سەدەی بیستدا هێشتا هیوایەك هەبوو کەئەوروپا بەرەو دەوڵەتی کۆمەاڵیەتی هەنگاو بنێت، ئەمەش وەهایکرد کەزۆر لەدەوڵەتانی ئەوروپا لەژێر فشاری بزوتنەوەی ١٩٦٨ سوستێمی سۆسیال یاخود بیمەی کۆمەاڵیەتیان جێگیربکەن. ڕیفۆرمیان لە کارو کڕی کرێکار و مافەکانی ژنان و منداڵان و پیراندا کرد. مافی پەناهەندەیی و زۆریتریش دەرئەنجامی خەباتی شەستەکان بوو بەچەپ و سۆسیال دیموکرات و فیمینست و ڕۆشنبیران و ئەدیبان و هونەرمەندانەوە. بەڵام ئەم دەستکەوتانە لەکۆتایی سەدەی بیستویەکدا لەپاشەکشێدایە. دەبینین لەکێی ئەوروپادا ئەم دەستگرتنە بەکەرامەتی مرۆڤەوە لەڕگەی بیمەی کۆمەاڵیەتی و مافی بێکاری ومافی پەناهەندەیی و خوێندن و تەنانەت ئازادی ئادەربڕن لەبەردەم شەپۆڵی نیولیبرالیزمی ئەمریکایی و ئەمریکانزم لەپاشەکشێدایە. کێی دەوڵەتی سۆسیال لەبەردەم هێرشی نیو لیبرالیزم و کولتورە فاشیێن و پڕپاگەندەکەیدا، لەمەترسی پووکانەوەدایە.

٢

نکوڵی لەگەورەیی (بۆب دیلان) ناکرێت، بەڵام قسەکردنم لەسەر پشتە وێنەی کەی ئەم خەاتەیە، قسەم لەسەر ئەوەیە کەلەپشت پەردەکانەوە چی ڕووەدا. بۆب دیلان دەرهاویشتەی نەوەی شڕسگڕێی شەستەکانە موزیکی ئەو بەتایبەت گۆرانی (هەڵکردن لەگەڵ ڕەشبادا – Blowing In The Wind) ناوبانگێکی گەورەی بۆ دیلان فەراهەمکرد. گومان لەوەدا نییە کە دیلان شاعیرێکی باشە، بەڵام بەپلەی یەکەم ڕێك ستاری مۆدێلی نەوەیەکی ڕادیکاڵی شەستەکاندا . لێرەوە بۆیە زاڵەکەی سەر ڕوخساری دیلان ، بۆیەی پڕپ ستاریەکەتی ، نەك

شاعیرێتی. (بۆب دیلان) دەنگی بیستراوە لەگەڵ گیتاردا، نەك وشەی خوێندراوە لەنێو کتێبدا، کولتووری نمایشکاریە، نەك کولتووری ئاوەستان و بیرکردنەوە و دۆزینەوەی هەناسەی بیرکردنەوەیە لەنێو شیعردا. لێرەوە دەمەوێت بڵێم؛ کەڵ ئەم خەڵاتە زاڵکردنی کولتووری فاشیزم و پۆپۆلیستیە لەڵگەی بەئابوردووکردنی کولتووری شڵشگڵێی لەڵگەی پۆپ ستارکردنی شیعر، لەڵگەی بەئایکۆنکردنی شیعر لە کایەی ئابوردوویەکی بەسەرچوودا ، لەم بارەدا دەکرێت ئێستا مەدالیای نۆبل وەربگرێت.

٣

بۆ ئەوەی زیاتر ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە ڕوونبکەمەوە دەڵێم؛ بەخشینی ئەو خەڵاتە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەنیو سەدە بەسەر بزوتنەوەی شەست و هەشت بەپۆپ ستارێکی نیوەڕ شاعیرێکی ئەمریکایی، وەک ئۆڕ وەهایە بگوترێت؛ کە کولتووری خوێندنەوەی شیعر کۆتایی پێهات، شڵشکردن و چوونە مۆزەخانەی مەدالیاکانی نۆبڵەوە، ئەمریکانزم بەهەموو هۆنگەکانیەوە تەنانەت بەئابوردووە ناخۆشەکەیەوە جێگەی قبوڵە! ئەم قبوڵکردنی ئەویتر بەئابوردووە وەك (ژان پۆل سارتەر) دەڵێت ؛ دەیانەوێت بڵێن سەرەڕای ئابوردووە پڕکێشە بەندیەکەی قبوڵمانە!

سارتەر لەدژی ئەم لۆجیکە (سەرەڕای ئابوردووە پڕکێشە بەندیەکەی قبوڵمانە!) ، لەئێکتێبەری ١٩٦٤ خەڵاتی نۆبڵی هەتکردەوە، چونکە گەر بیکردایە وەك قبوڵکردنی مەرحەمەتێکی گەورەی دونیای کاپیتالیزم بوو بەپیاوێکی وجودی کەلەگەڵ یەکسانی و سۆسیالزمدامدا بوو. گەر قبوڵی بکردایە، سارتەر گووتەنی دەیانگووت؛ سەرەڕای ئابوردووە پڕکێشەکەی قبوڵمانە…سارتەر ئەم خۆشبەختیەی پێنەبەخشین، چونکە دەیزانی کەکێی ئەم لۆجیکە ئامکردنی ئایدیاکانی ئادیکالیەت و شڵشکرن و دژایەتی سوستمی کاپیتاڵە لە پەرژینی مۆزەخانەیەکی ئۆرستۆکراتدا، کەناوی خەڵاتی نۆبڵە.

ئەستەی نەگوتراوی پشت ئەم خەڵاتە بە (بۆب دیلان) و نەبەخشینی بەچەندانی وەك (یەشار کەمال) یان (ئەدۆنیس) یان (سەلیم بەرەکات) و (سەلمان ڕوشدی) و (شیرکۆ بێکەس) تەنانەت ژنە ڕۆمانوسێکی وەك (ئیزابیلا لێندی) کە لە خانەوادەی (سلڤادۆر ئالندی) سەرۆکی چەپی ئەرجەتین بوو، کە لەساڵی ١٩٧٣ ژەنراڵێکی وەك (ئاوگستۆ بینۆشت) بەپشتگیری ئەمریکیەکان لەڵگەی هۆاگیری CIA کۆدەتایان بەسەر ئەو سەرۆکە خاکی و گرنگەی ئەرجەنتیندا کردو کوشتیان. سەیر

لەوەدابوو، هەر خۆرا لەهەمانساڵدا ١٩٧٣ ئاکادیمیای سویدی خەڵاتی دا بە (پاپلۆ نیرۆدا) ی پیر کەلەژێر نەخۆشی سەرەتاندا دەیناڵاند، بۆ ئەوەی پشتگیرکردنی سیای ئەمریکی لەهاتنە سەرحوکمی پیاوێکی خوێنڕژی وەك (بیۆشت) داپۆشن، ئیدی سەرنجەکان بۆ شوێنکی تر چوون. لەوەش نامۆتر ئەوەیە، لەهەمان ساڵدا (ئیزبێلا ئالندی) ژنە ڕۆمانوس و شاعیر و فیمینست کە سلڤادۆر مامی گەورەی بوو، ناوی چووە لیستی تیرۆری سیای ئەمریکیەوە ، بۆ ماوەی سیانزە ساڵ لەڤەنزوێلا پەناهەندە و خۆشاردەوە بوو لە دەست ئەمریکیەکان بەتۆمەتی تیرۆر. لەبەر ئەوە سەیر نەبوو کەفەرامۆشبکرێت لە خەڵاتی نۆبل و زۆر خەڵاتی دیکە. مەگەر ئێستا ئاوڕی لێبدەنەوە وەك سارتەر دەڵێت: سەرەڕای ئابووردووە پێ کۆشەکەی!

ئەم خەڵاتەی ئەمساڵ ٢٠١٦ بەڕای من لێدانە لەڕۆحی شیعر، چونکە ناکرێت (ئەدۆنیس) هەبێت و (شۆرکۆ) و (سەلیم بەرەکات) هەبێت خەڵاتی شیعر بدرێت بۆب دیلان. گەر بۆ (شەڕی وشەی ئازاد) بێت، دەبێت دونیا ئەم شاعیرانەی بناسرێت، بگومان گەر هاتوو لیژنەکە لەخەوی قووڵدا نەبێت، بۆئاگا لەوەی چی لەهەناوی میللەتانی دەرەوەی کیشوەری ئەورووپا و ئەمریکا دەگوزەرێت وەك چۆن لەکاتی بەخشینی خەڵاتەکە بە (ئالفریدە یانلیك) ژنە ڕۆمانوسی نەمساوی ، ڕۆمانوسەکە خۆی ئەوەندە شۆك بوو بەجۆرێك کەخۆی لەژێر پاساوی نەخۆشیدا نەچوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە. سەیر لەوەدابوو یەکێك لەلیژنەکە دوای ماوەیەك بۆئاگایی خۆی لەکۆی کارەکانی (ئالفریدە یالنیك) دەربڕی.

لەوەوە ئەم خەڵاتە چۆن خەڵاتی دایناماێت دروستکەرێکە، ئاوەهاش سیاسەت گەمەی خۆی تێدا دەکات، ئەمجارەیان کولتوری گۆگرتن لەشیعرێك لەنۆو موزیکدا دەبێتە ئەدەب، ئیدی شیعر لەم کەناڵە ئەمریکانیە ڕۆکن ڕۆڵەیەوە خەڵات وەردەگرێت، بەمەش کۆی ئەدەبی جیدی دەچێتە خانەی فەرامۆشکردنی سیاسەتی نیو لیبرالیزمەوە.

ئێستا نیو لیبرالیزم لەدژی کولتوری (دژە چەکفرۆشتن) و (دژە جەنگ) کاردەکات. دونیای ئەمریکانیزم لەهەموو شوێنێك جەنگی بەرهەمهێناوە و لەهەموو شوێنکدا ڕۆکەوتنی سیاسیە بۆ گواستنەوەی چەك لەدەستی ئەم بۆ ئەویتر، تۆپکی ئەم ناشرینیە ئێستا لەسوریادا گەمەی خۆی دەکات. لەبەر ئەم هۆیە یەکێك لەکارەکانی ئەقڵیەتی نیولیبرالزم دەرکردنی مانایە لەهەموو ئەو شتانەی بەها دەدەن ژیانێکی یەکسان و ئازاد بۆ مرۆڤ. ئازادی لای ئەوان کولتوری دژە جەنگ و دژە چەکفرۆشتن نییە، بەکو جۆرێکە لە ئازادی سادەکاری و

شمەکخۆری و فاشیۆنی بۆمانا و پۆپۆلیزمی و خۆپەرستی. ئاوەها پشتەوۆنەی بەخشینی خەڵاتی نۆبل بە (بۆب دیلان) تۆپکی نیو لیبرالیزم کردنی شیعرە بەهونەری سەر شانۆیەکی پۆپۆلستی بەسەرچوو، هاوتەریبە لەگەڵ هۆرشی میدیای فاشیۆن بۆ سەر کولتوری خوۆندنەوەی قووڵ، کە خوۆندنەوەی شیعرە لەدووتوێی کتێبکدا.

بەمشۆوەیە ڕۆژ بەڕۆژ سیاسەت ڕەخنەکی ناشرین دەبینێت لە بەخشینی نۆبڵ ، دیارە نۆبل خۆی بەدیوۆکی تردا، هەستکردنە بەتاوانی (ئالفرێد نۆبل) کە دینامێتی داهێنا و هەموو کارەساتە گەورەکانی ئەم دونیا لەپشت ئەم داهێنانە ترسناکەوە وەستاوە، هەستکردنکە بەتاوان لەداهێنانێك ڕۆژانە قاچ و دەست و سەری مرۆڤ دەپەڕێنێت، خەڵك بەملیۆنەها ئاوارە و برسی و بێ لانە و ماڵ دەکات. ناشبێت ئەوەمان لەبیر بچێت کەلەدوای خۆی، خانەوادەکەی نۆبل و نەوەی دووهەم کەسەرپەرشتی خەڵاتەکەدە دەکەن لەووی ماڵیەوە، کۆمپانیای نەوتیان هەبوو لەئازەربایجان. بەمانایەکی تر نەوەی دووهەمی نۆبل خەریکی دزینی نەوتی خەڵکانی هەژار بوون لە شارۆکی وەك باکۆی ئازەربایجان.

٤

کۆی مۆژووی ئەم خەڵاتە پڕە لەدژبەیەکی و سیاسەت بێ نمونە فەیلەسوفی بوونگەرایی وەك (ژان بۆڵ سارتەر) لەڕۆژنامەی لۆفیگارۆ Le Figaro فەرەنسیدا لە ٢٣ ئۆکتۆبەری ١٩٦٤ دووهۆکار دەهێنتەوە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم خەڵاتەکە یەکەمیان کەسیە و دووهەمیان بابەتیە . لەیەکەمیاندا (سارتەر) نایەوێت بەهیچ شێوەیەك خەڵات بکرێت لەلایەن هیچ دەزگایەکەوە، تەنانەت ببێتە ئەندام لەدەستەی کۆلۆژدۆفرانسی فەرەنسی. بەڵای سارتەر قبوۆکردنی خەڵاتێك مانای ئەوەی کۆی هەوڵست و کارەکانی ئەو دەچێتە پاڵ ناوی دەزگایەك کاتێك دەنوسرێت ؛ سارتەر هەڵگری نۆبڵ یان فڕان خەڵات، پشتگیری ئەم دەستە یان ئەو دەستە و تاقمە دەکات! سارتەر لەوبۆوایەدایە نوسەر تاکگەرایەکە، بۆنگەرایەڵ لەهەوڵست و دونیابینی خۆیدا، وەك خۆی نایەوێت خەڵاتەکان بەدووی کارەکانیەوە بن و ڕەواخوازی بکەن ، بەکو خۆی وەك لۆرەبوونی نوسەرێك و کارەکانی نوێنەری خۆیانبکەن.

دووهەم هۆکار کە سارتەر بە (هۆکاری بابەتی) لەسالی ١٩٦٤ لەگوتارەکەیدا دەستنیشانیدەکات ئەوەیە؛ کەدونیا دابەشبووە بەسەر دوو سەربازگەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. سۆسیالزم و کاپیتالزم، ئەو هەمیشە لەگەڵ سۆسیالزمە هەرچەندە ئەو لەخۆزانکی بۆرژوازیەوە

هاتووه و لەژئاواش دەژی. لەبەرئەوە بۆ ئەو باشترە ناوی هیچ خەباتێك نەخاتە شەڕە فیکری و ململانێ و هەڵوێستەکانیەوە. تەنانەت دەڵێت؛ گەر خەباتی لینینم پێ بەبەخشن هەمان هەڵوێستم دەبێت. ئەمە جگەلەوەی بەڵای ئەو کێی ئەم خەباتە فەرامۆشکردنی گەورەی نوسەرانی وەك (لویس ئارگۆن) و (بۆریس باسترناك) تەنانەت (نیرۆدا)یە.

دیارە لەو زەمەنەدا کاپیتالیزم نەیدەویست نوسەرە شۆشگێڕەکانی وەك (باسترناك) یان (نیرۆدا) زەقبکاتەوە. بەڵام بەداخەوە سارتەر مرد و نەیبینی کاتێك سیاسەت وەرچەخا، بۆ داپۆشینی ناشرینی کوشتنی (سلڤادۆر ئالندی) خەباتەکە بەخشرا (پاپلۆ نیرۆدا) ی پیر، هەرچەندە دوای گەڵانەوەی لەوەرگرتنی خەڵاتەکە، لەلایەن دیکتاتۆرێکی وەك (بنیۆشێت) لەماڵەکەیدا دەستبەسەر دەکرێت و دەرئەنجامی دەرزی لێدانێك دەمرێت، کەلەم ساڵانەی دوایدا ئاپۆتەکان باس لەکوشتنی دەکەن لەڕگەی ئەو دەرزیەوە. (ئانتۆنیۆ ساکرامانتا) ی ڕۆمانوس و هاوڕێی نیرۆدا لەڕۆمانی (لەگەڵ سەبرێکی سوتێنەر) دا بەجوانی لەڕگەی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی باس لەڕۆژانی کۆتایی نیرۆدا دەکات.

ئاوەها سیاسەت لەم ئاکادیمیایەدا گەمەی خێی دەکات، دەنا کەسانی وەك (یەشار کەمال) یان (سەلمان ڕوشدی) و (بۆکەس) زۆر دەمێکە لەپێش کەسانی وەك (ئالفریدە یالنیك) یان (پاتریك مۆدیانۆ) و زۆریترن. دیارە ئەمە لەکەمکردنەوەی بەهای ئەو نوسەرە ئازیزانە نییە، بەڵام بەهەمان لۆجیکی سارتەر قسەبکەین ؛ کێی ئەم (هەڵاوێردەیە) ڕۆژ بەرۆژ سادەتر و سیاسیتر دەبێت .

فەرامۆشکردنی نوسەرێکی وەك (یەشار کەمال) کەچەندەها ساڵە ناوی لەلیستەی خەڵاتەکدا بووە، ئەوە دەسەلمێنێت لەکۆدا سیاسەتی نیولیبرال پێویستی بەتیشك خستنە سەرکەسێك بووە بۆ هۆکاری سیاسی، ئەم ئاکادیمیە زۆر یان کەم خەڵاتەکانی بەو پێوەرە بەخشراوە، دیارە لەگەڵ ڕۆکەوتنی عەرەب و ئیسرائیلدا خۆرا (نەجیب مەحفوز) یان بیرکەتەوە، دەنا لەوبڕوایەدا نیم گەر ئەم ڕۆکەوتنە سیاسیە نەبوایە، ئەوان بۆ خودی جوانی ئەدەبی مەحفوز ئاوڕبدەنەوە، کەبڕگومان مەحفوز بەبۆ نۆبلیش هەر ڕۆمانوسە جوانەکەی ئەدەبی دونیایە . دیارە گەر ئەمە قسەی ئێمە بێت لەئەدەبدا، ئەوا سەیر لەوەدایە لەخەباتی ئاشتیدا دراوە بەگەمەکرێکی سیاسی وەك هێنری کیسنجەر و ئەنوەر ساداتی دیکتاتۆر. نابێت پێناسە ناوازەکەی ب سادات لەبیربکەین کەدەیگووت؛ دیموکراتیەت کەبەی هەیە!

بەخشینی خەڵاتی ئەدەب بە ئاك ستارك لەژێر ناوی ئەوەی شیعری هەیە و شیعرەکانی لەسەر شانۆی ئاکن رۆ و پۆپ ستاردا بەرجەستەدەبن، ئارگومێنکی لاوازە، چونکە نازانین دراوە بە (پۆپ ستاریە)کەی یان بە شیعرەکانی، هەموو ئەو قسانەی تر کەدەڵێن لەپێناو شەی پۆپ دیلان بۆ ئازادی دەربڕین پێبەخشراوە، ئەمەش دیسان ناچێتە خانەی ئەدەبەوە ، ئەوەی دەچێتە خانەی ئەو نەوەیەی کەلەشەستەکاندا چوونە سەرجادە لەدژی جەنگی ڤێتنام، دوای ئەم هەموو ساڵە ئەم بەخشینە دەیەوێت بیانخاتە خانەی ئابوردوو و مۆزەخانەی کولتورێکی بەسەرچووی ئەمریکانیەوە.

-_____

چەند پەراوێزێك :

١.بۆانە گوتاری سارتەر بە ئینگلیزی:

Sartre on the Nobel Prize

٢. بۆانە؛ دەبارەی کوشتنی نیرۆدا لەلایەن بینۆشێت گاردیان؛
https://www.theguardian.com/books/2015/nov/06/chile-admits-pablo-neruda-might-have-been-murdered-by-pinochet-regime

٣. بۆانە؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ (ئیزابیل ئالندی) دەربارەی زەمەنی بینۆشێت بەئینگلیزی؛

https://www.amnesty.org/en/latest/news/2013/09/life-under-pinochet-isabel-allende-day-we-buried-our-freedom/

٣. بۆانە؛ ڕۆمانی (لەگەڵ سەبرێکی سوتێنەردا) ئانتۆنیو ساکرامنتا بەئەڵمانی ؛

Antonio Skármeta, Mit brennender Geduld: Roman Piper Veralg ß .Taschenbuch – 1. Mai 1998

٤. گۆرانی هەڵکردن لەگەڵ ەشەبادا Blowing in the wind ؛ بۆانە یوتوب;
https://www.youtube.com/watch?v=vWwgrjjIMXA

٥ . بۆ
٥. بۆگۆڵگرتن لەگۆرانیە گرنگەکانی بۆب دیلان بۆوانە گاردیان:

https://www.theguardian.com/books/live/2016/oct/13/nobel-prize-in-literature-2016-liveblog

---

داوای ئۆستانی جە نگی ئێستا لە موسڵ، لێژنەر هەر بیانوویەکدا بۆت دیفاعێ لە مانۆی داعش

حەمە غەفور

_____-

هێوستی سەراستو کەمنیستی بەرانبەر بە "ئێپە راسینی ئازادکردنی موسڵ" کە ئامانجی ئاستوخێی پاککردنۆوی شاری موسڵ لە داعشۆ ئزگارکردنی دانیشتوانەکەی لێژەر دەستو چنگاڵی ئەم دەستو تاقمە خوێنڕژو ئینسانکوژە ئاگیەنراوە، بۆتایبەتیش لەلایەن ئۆو دووتو هێزانەی ئەم جانوەرە ئیسلامیانیان پێگیاندو بەریاندانە گیانی خەڵکی ناوچەکۆو جیهان، هەرگیز ناتوانێت بە پاساوی قۆومانی کارساتو وێرانبوونی شارەکە، بەرزکردنۆوی دروشمو داوای ئاگرتنی شڵە بێت. هەوڵوستێک کە بە داخۆوە ئابڕی هەردوو حزبی کەمنیستی کرێکاری کوردستانو عێراقو هاوڵە ئێبوار ئەحمەد گرتوویانە. چونکە هەر ئێستا دانیشتوانی موسڵو دەوروبەری لەنێو کارساتی ئێژانو سەربڕینو ئیغتیسابی ژنانو ووردکردنی کەسایەتیو پیرزیی ئینسانو لەنێو زیندانەکی گۆورەی ترسو تۆقاندنو قەسابیکردنی ئینساندا ژیان دەگوزەرێنن، دەزگەخەکی بیلفیعل کە داعش زیاد لە دوو ساڵە گۆورەو بچووکی دانیشتوانی ئەم شارو ناوچەیی تێدا دەسوتێنێت. ئەم داوایە دوورو نزیک پێیوانیدی نییە بە هێوستەکی کەمنیستیو مارکسیستییەوە، بگرە لە هێوستی دەستوسانی گروپەکی سیاسی زیاتر

نییەو دەبێت لایەن کۆمۆنیستە کرێکارییەکانەوە ڕۆخنە باران بکرێت. وە کارێک بکرێت ئابڕایەتی هەردوو حزبو ڕەبوار ئەحمەدیش، تا ئەو کاتەی بانگەشە بە کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکەن، ئەم هاوبەستە بگەڕێنو هاوبەستی کۆمۆنیستی بگرنەپێش. هە ڕاستای ئاستای ئابە ری دو حزبو هەنگاوێکی بەمجۆرە پاسیفیزمێکی تەواو ئاشکراو چاوەڕوانییەکی خەیاڵیو پادەرهەوا نیشانئەدات، وە جگە لە شەرمەزاربوون لەبەردەم مژووداو بە کەسانێک هەشتا خەیان بە کۆمۆنیستی کرێکاری دادەنێن، هیچ ئاکامێکی دیکەی نابێت! بۆچی؟ چونکە ڕەکخراوی تیرۆریستی داعش لە هەموو حاڵەتکدا وەک چۆن لە ڕەگای زیبرو زەنگەوە هاتووە، هەر ئەستاو بە خەرایی تەنها دەبێت لەڕەی گورزی سەربازییەوە ملیبشکێنێتو دووربخرێتەوە. دروست بەهەمان شێوەی هاوبەستی (مۆنسور حکمەت) لە سەروبەندی هەرشی ئەمریکا بە سەر دەسەاتی نێگریسی بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفگانستان، کە ووتی؛ "شەڕ ئاگەیاندنی هیچ کەسیك، تەنانەت ئەمریکاو غەربیش، لەدژی تالیبان ناکرێ مەحکوم بکرێت. تاڵیبان دەبێ بڕواتو سەرەنجام دەبێ هەر لەڕەگای زەبروزەنگو کردەوەی سەربازییەوە بڕوات. دوژمنایەتی غەرب لەگەل تالیباندا باشترە وەك لەدەستایەتی تاڵستایان. هیچ کەسێك بەر بە پێچانەوەی دەورودوکانی ئینسانکوژانێك ناگرێت کە غەرب خەی هەناونییە سەرکار. بەڵام لەنێوان جەنگو تیرۆردا جیاوازی هەیە. کردەوەکانی ئەمریکاو بڕیتانیا لە ئەفغانستان تیروریستییە. بەمبارانی شارەکانو ناوچە سەکەنیەکانی ئەفغانستان دەبێت مەحکوم بکرێتو ئابگیرێت". بەمپێیە ئەم هاوبەستەی ڕەبوار ئەحمەدو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانو عێراقیش، واتە "داوای ئاگرتنی شەڕ بە پاساوی وێرانسازیو قوومانی کارەساتو قوربانییەوەی کۆشکان" بخوازن یان نەخوازن دەچێتە چوارچێوەی بڕگری لە مانەوەی خودی داعش بەسەر سەری شاری موسڵو دانیشتوانێ ئاسیرکراو و بەبارمتەگیراوەکیەوە. لە هەمان کاتیشدا دەچێتە خزمەتی درێژکردنەوەی ژیانی سیاسی داعش هەم وەکو مەترسییەکی گەورە بەسەر خەڵکی ناوچەکانی تری عێراقو کوردستانەوە، هەم دەبێتە هەکاری درێژەی تیرۆرو کردەوەی تیرۆریستی لە عێراقو ناوچەکەو جیهانیش. سەرباری ئەوانەش هاوبەستی پاسیسفیستیو محافزەکارانەو لایەنگری لە ئارامشو تونترنەبوونەوەی کۆشکان، ئازیبوونێ بە هەلومەرجی ئاستا (واتە مانەوەی داعش!) کە هەموو خەڵکی عێراقو ناوچەکەو جیهانیش لێی بێزارو نیگەرانن وە خوازیاری ئاوگەڵن لە بەرژەوەندی خەڵکی ژێر دەسەاتی داعش. جگە لەمانەش هاوبەستگیرییەکی لەو چەشنە کردەوە داعشییەکان زیاتر دەکاتو تیرۆرو تیرۆریزم پەرەدارتر دەکات. لە گەڵ باهەر ئەو هەزو دووتانەی کە داعشیان

دروستکردو قبووڵیانکرد، وە ئیستا بەتە مەزمی سەر ژیگایان خەیان بەنو بە وەشاندنی گوورزی سەربازی پێشمەرگەی نەنگیو شەرمەزاری نوچەوانیان، یانی داعش بسنوو. هیچ نەبەت لە موسڵو دەوروبەری دەستکەتایان بکەنو دەزخکی ئاستقینە کە بەدەستی داعشو دارو دەستە خونەژکانی بە دانیشتوانی شارکی چەند ملیەنی دانراوە کەتایی بهێنرەت!

ژبوار ئەحمەد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان لە تازەترین ووتاری لژێر ناوی "ئازادی موسڵ یان شکستی کۆنەپەرستانەی جەمسەرکان؟!"دا ئاو هێواستە پاسیفیستیو محافزەکارانەیە بەرانبەر "جەنگی ئازادکردنی موسڵ" تیوریزەدکات. لەسەی کۆپیکردنی ئارزووماندانو میکانیکیانەی باسو هێواستە مارکسیستییەکانی مۆنسور حکمەت سەبارەت هەرشی تیرۆریستی ١١ی سێپتەمبەرو کارو کاردانەوەکانی دواتری، پاساوی تەحلیلیو ئایدیالژی خەی بە ئاو هێواستە نامارکسیستیو ئاستەوانیە دەهەنتاوو هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانو عێراقیش بەداخەوە بشوەن ئاودا بەکەش بوون بە وەرگرتنی هەمان هێواست لە دوو بەیاننامەی جیاجیادا. (لە پەراوێزدا لینکی ووتارکەی ژبوار ئەحمەدو هەردوو بەیاننامەکە دادەنەم). لەم بگۆیەی ووتارکەیدا بە جوانی هێویستکەی ژبوار دەردەکەوەت:" ئگەر بە ئەندازەی نوکە دەرزیەک کەشیان لگۆ تیرۆریزم هەیە، با زەحمەتی شاو قارەمانبازی و وێرانکاری کۆمەگا و کوشت و کوشتار نکەشن، لە جیاتی ئاوە زەحمەتبکەشن خەیان بپچنەوە و ملیانبشکەنن و لە ناوچکە بڕنەدەرەوە. لە جیاتی شەی داعش گوەی نکەرکانیان راکەشن با چەک و تەقەمەنی و پارە لە داعش ببڕن و ئاسانکاری بە نکەن. بەم جۆرە داعش لە سویچاوە دکوژتاوە و خەکی ئاو ناوچانەی دەسەڵاتی داعشی تیایە هەر بە شەق و بەرد داعش راودەنن." هەروەها ئەم بگۆیەش لە ژاگۆیاندنکەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان کە لە ژێر تایتڵی"با بەر بکوشتاری خەکی موسڵ و وێرانکاری بگرین" هاتووە؛ "پشتیوانی بەرامبەر بەم کارساتەی ئستا کبەناوی "ئازادکردنی موسڵەوە" لئارادایە بەدەنگی بشکەندرەت. وەلانان و وەدەرنانی داعش و هاوشوەکانی لەو جگایانە دەستیان بەسەردا گرتووە خواستکی هەموو بشریەتی ئازادیخوازی ناوچکە و جیهانە، بەتام ئەم کاری خودی خەکی ناوچکەیە بپشتیوانی بشریەتی ئازادیخوازی جیهان. ئەم کارە بتیرۆریزمی دەوڵەتی و بەمبارانی کۆرانە و خاپورکردنی قوتابخانە و نخۆشخانە و ماڵ و حاڵی خەڵک وکوشتاری خەڵکەکەی ناکرەت." پشماندەت،

هەرشەکان بۆ لەدان لە داعشو دەرکردنی لە موسڵ با ئاوەستەت! دیسان لە بۆگەی یەکەمی بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆناوی؛ "الحملة العسكرية على الموصل حرب اقطاب رجعية، يجب ايقافها فورا" بۆ زمانی عەرەبی هەمان هەواڵست دوپاتکراوەتەوە؛ "الحرب الارهابية الدائرة بين الاقطاب الامبريالية العالمية وحلفائها الاقليميين والمحليين وبين داعش ليست الا حربا بين قطبي الارهاب العالمي لا علاقة لها بمصالح جماهير العراق والبشرية المعاصرة وآمالها في التخلص من براثن داعش والارهابيين. ان الحملة العسكرية الحالية لما يسمى بتحرير الموصل من ايدي داعش، تشكل حلقة خطيرة من حلقات هذه الحرب الدموية الجارية في العراق والمنطقة مع ما تتمخض عنها من ماسي انسانية كبيرة لسكان الموصل وتهديدات لحياة وامان الطبقة العاملة والجماهير."
لەکاتێکدا لەهیچ جێیەکی ووتارەکەیدا هەڵبوار باسی ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمی داعشی وەکو قوتبەکی تیرۆریستیی ناوچەییو جیهانیی خوازیاری دەسەڵات ناکات. باسی ناکات کە چۆن لە کۆشۆو جەنگەکی سیاسیدایە لەگەڵ هەژئاواو ئەمریکا لەسەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ووڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، نەک لە شێوەیکی سۆرو ماڵیو مانو نەماندا بێت لەسەر ئیسلامو بەهاکانی، یاخود جیهاد بێت لە دژی دیموکراسیو بەها هەژئاوایی‌و شارستانییەکان کە وەکو سەرچاوەی ستەمی سەر خەڵکی فەڵەستینو زوڵمی ئیسرائیل لە خەڵکی موسڵماننشینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەکیانداوەتەوەو هەزی لە دەگرن. داوایەکی لەم چەشنە کە هەڵبەستگیرییەکی مارکسیستییەوە نییە، بەو دەلیلەی هەزهاوسەنگی هەوەستگیرییەکی مارکسیستییەوە نییە، بەو دەلیلەی هەزهاوسەنگی ئەستای جیهانو دەرکەوتنی ئاستی ناکۆکیو بەرێککەوتنکانی جیهانی سەرمایەداری، خەی لەپێناو بەدیهێنانی هاوسەنگییەکی تازەو سەقامگیرییەکی نوێی ئیستسمارو سەرمایەگوزاری مۆنۆپۆڵی لە ووڵاتانی زێنی هەزی کاری هەرزاندا ئەم کێشمەکێشو لەشکرکێشیو جەنگو تیرۆریزمە دەوڵەتیو ئیسلامییەشی هەناوەتەئاراوە. ئەم بزبەستنە سیاسیو سەربازییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا خەی لەمەژە شکێگرتووەو ئامانجی ستراتیژی خەی هەیە. خودی پەیدابوونی دیاردەی داعشو کەوتنی موسڵ بە ژێر دەستی داعشو جەنگی سوریاو ئەستاش هەوەی وەدەرنانی داعش لە موسڵ درێژکراوەو دەرئەنجامی هەمان دەخاڵەتو ملهوڕی ئەمریکایە لە ناوچەکە بە سەپاندنی پڵیسییانەی خەی بەسەر ناوچەکەو جیهاندا پاش داماڵینی بلۆکی سۆڤێت. بەیە داوایەکی لەو جۆرە بەرانبەری گڵۆبک نامارکسیستیو بەولاوەتریش ساویلکانە دەتە پێش چاو. هەڵبوار تیرۆریزمی ئیسلامی تەنها وەکو ئامرازی دەستی ئەمریکاو دەوڵەتە هەرەمییەکان تەماشادەکاتو بەشەوەی ستاتیک لەم

دیاردە ئاژاوەگێڕی تیرۆریزمی ئیسلامی دژەوانەتو لە فۆرمەکردنی ووتارێکیدا بەکاریدێنێت، تا پەمانبڕێت؛ "ئەم شێوەی ئازادکردنی موسڵ دریژەکی گەورەیو بۆ لێناوبردنی تیرۆریزمی ئیسلامی نییە"! هەموو کەس دڵزانێت شێوەکە بۆ تەمبەکردنی ئەو باڵە یاخیو هەوساربچەڕانەی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسییە کە زیاد لە حەد پێیان درێژکردووە. بەڵام باشە مادام هەنگاوێکی بەم شێوەیەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ تۆوقی داعش بشکێنێتو لە موسڵ وەدەریبنێت، بۆ دەبێت داوای هاوستانی بکرێت! کەواتە بۆ چەند مانگ لەمەوپێش لە شنگاڵو هەمادیو فەللوجە داوای هاوستانی ئەو شێوەتان نەکرد؟! پرسیار ئەوەیە، ئایا بۆ هاستی لە شنگاڵو هەمادیو فەللوجە تا ئێستا داعش بمایە باشتر بوو؟! ئایا مەحکومکردنو بەرزکردنەوەی دروشمی هاوستانی شێوە لێنەو هەی گشتی جیهانو ناوچەکەو عێراقیشدا بەشتو ئاسەوارێکی هەیە یاخود دەیبەت؟! ئایا داوای وەستانی شێوەک کە بەگوێرەی پێناسە هەموو خەڵکی جیهان بۆ تاسەوە چاوەڕوانی ئاکامەکەی دەکات، یانی کوتنی داعش، سەرپەڕیو لاکوتەییو خەفریودان نییە؟!

ئاشکرایە کە نە ئامانجی شێوەکەی ئێستای موسڵ بۆ لەبەینبردنی تیرۆریزمی ئیسلامییە، نە جەنگی سەردەمی ١١ی سێپتەمبەریش لەژێر ناوی هاوناتی بنلادنو لەدان لە تاڵیبان ئامانجێکی وەهای بووە، وە نە سەرتاپای کێشمەکێشکانیش لەگەڵ قوتبی ئیسلامی سیاسی بۆ لێناوبردن یاخود تەنانەت کەمکردنەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی بووە. ئامانجی ئەمریکاو هاژئاوا لە شێوەیان لەگەڵ ئیسلامی سیاسی بۆ گشتیو ئەو تیرۆریزمە ئیسلامییەی لێنەو داعشدا بەرجەستەبووە، بۆ دیاریکراوی لەم جەنگی موسڵدا، کە تایبەتنان بەو پێی نەنگییەو نەفرەتو ناڕازایەتییەک کە بەهۆی یاخیبوونی داعشەوە بەرانبەر ئەمریکاو کردەوە قێزەونکانییەوە لێنەو ویژدانی های گشتی جیهانو خەڵکی ناوچەکەشدا دروستبووە. بۆ تایبەتیش کە ئێستا داعش وەکو ئامازێکی شونگرتنی ئامانجکانی ئەمریکاو لایەنگرانی دیکەی کە تایبەتوە. بەهۆی سیاسەتی داعشیانەو سەربینکانو قەسابیکردنە ئیسلامییەکانییەوە ناڕازایەتییەکی گەورەی جیهانی شارستانی لە کوتەوە بەرانبەر بە سیاسەتی سەپاندنی هەیمەنەی ئەمریکاو دابەشکردنی ناوچەکانی نفوز لە جیهان. هەوەستی واقعبینانەو ماركسیستی لەرەداو لەم هاوکێشەیی ئێستای نەوان بزووتنەوەی کەمنیستەو جیهانی شارستانیو سەرمایەداری جیهانیدا ئەوەیە؛ لەگەڵەین ئەم پێی نەنگیو شەرمەزارییەی ئەمریکاو هاژئاوا خەیان زەحمەتی لێناوبردنی بکەشن. بگومان لە هاوشانی مەحکوم نەکردنی

لەدان لە داعشو دەرپەراندنی لە موسڵ، بەردومانی شوێنی ژیانی هاوڵاتیانو کاولکردنی پردو ڕێگاوبانو ماڵو مدرەسەو خستەخانەکان، وە کوشتاری هاوڵاتیانی بەدیفاعو سقیل کردوەیکی تیرەریستییەو مەحکومەو دەبێت ڕابگیرێت.

سەبارەت ئاکامەکانی دوای کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵو کاردانەوەو ڕزبەستنە سیاسیو کۆمەڵایەتیو حزبییەکان، زۆر ڕوشنە ئەمە دەبێت خوازیاری ئاوەژبین خەڵکی خۆیان چارنووسی خۆیان بەدەستەوەبگرنو دانیشتوانی شاری موسڵ بەبێ جیاوازی لەگەڵ یەک بژین. ڕێگانەدەن بە هەڵاواردنی قەومیو مەزهەبیو باوشێنی ئەم جۆرە ئەحساساتە شێواو پێکدادانو نائەمنی بابەکشێت بەسەر ژیانیاندا. هەروەها زۆر مەسەلەی وەک شوێنەواری تائیفی لە عێراقو ناوچە کشە لەسەرکان، قازانجو زیانی دەوڵەتانی ناوچەکەو لایەنە ناوخۆییەکانی عێراق، ڕۆڵی ئێستاو داهاتووی زلهێزە ئیمپریالیستییەکانو هاوپەیمانیان، داهاتووی خەرهەڵاتی ناوەڕاستو عێراقو کوردستانو مەسەلەی دەوڵەت لە کوردستانو مەسەلەی قەیرانی ئابووری کوردستانو قەیرانە سیاسییەکانو پرسو بابەتەکانی دوای ئازادکردنی موسڵ لەدەستی داعش، لە کاتو شوێنی خۆیاندا دەبێت هەوڵستیان لەسەر بگرینو بە تایبەت هەوڵستگیری لەبارەیانەوە بۆای هەموو لایەک دوای کۆتایی پرسەی موسڵ ئەبەتە کارەکی ئەجگار فۆریو چارنووسساز.

لە کۆتایدا لێرەو هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانو عێراقیشدا، پێویستە ئەم هەوڵستەی ڕابەرایەتی هەردوو حزب بە چەی ببڕێتە ژێر ڕۆخنەوەو کادرانو ئەندامانو تەنانەت هاوسۆزانو لایەنگرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕابەرایەتی هەردوو حزب ناچاربکەن بەم هەوڵستەیاندا بچنەوەو هیوادارم ڕابەرایەتی دوو حزبی کوردستانو عێراق ئەم هەنگاوە هەڵگرن. ئومێدەوارم لە ڕیزی هەردوو حزبدا ژمارەیەکی زۆر لە کادرانو ئەندامان نە چنە ژێر باری ئەم سیاسەتەو ئەم هەوڵستە پاسیفیستییەی ئێستای ڕابەرایەتییەوە. بە شێوەن ڕاگەیاندنی ئەم هەوێستە نامارکسیستیەو زیانبارەی ڕابەرایەتیی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانو عێراقدا، ئەرکی کۆمونیستی ئەوە یە شۆڕشێک لە ڕۆخنەو جموجووڵی دیفاع لە مارکسیزمو باوەڕە کۆمۆنیستییەکان لە ناوەوەو دەرەوەی هەردوو حزب بەتەئاراوە.

حەمە غەفور
١٧ ئۆکتۆبەر٢٠١٦

لینکی ووتارەکەی ھێوار ئەحمەد: ئازادی موسڵمانان شتێکی کۆنەپەرستانەی جەماوەرکان؟!
لینکی ڕاگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان: با بەربەرەکانێی خەڵکی موسڵ و وێرانکاری بگرین
لینکی ڕاگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق:
https://www.facebook.com/kamil.ahmed.3956/posts/10155373139349488

خوێندنەوەیەکی ماتریالیستانە بۆ 27 ی سێپتەمبەری 2016 ….
نادر عبدالحمید

یەکەم: ئێقەیەك لە زنجیرەیەکی نەپساوە، چرکە ساتێك لە پێسەیەك.
1. ئەم دیاردەیەی هاوکات مانگرتن و خۆپیشاندان، کە لە 27ی سێپتەمبەری 2016 لە زۆرێك لە شار و شارۆچکەکانی زێنی سوزی ژێر دەسەڵاتی (یەکێتی و گۆران) لە کوردسانی عێراقدا خۆی خستەوو، بەردەوامی زنجیرە ناڕەزایەتیەکی نەپساوەیە و لەم چرکە ساتە دیاریکراوەدا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئێستای و لەم شکڵەدا خۆی دەرخستوە. هەروەك بەردەوامی هەر ئەو زنجیرە ناڕەزایەتیانە، پێشووتر لە ئۆکتۆبەری ساڵی پاردا لە شکڵکی تردا خۆی خستبووەوو.
2. بەم پێیە ئەم دیاردەی سێپتەمبەری ئەمساڵ (2016) و ئۆکتۆبەری ساڵی پار (2015)، بەردەومی یەکتر و کامڵکەری یەکترین، دوو شکڵ و شێوازی جیاواز، دوو ئاستی پەرسەندن لە هۆشیاری بزوتنەوەیەك نیشان دەدەن. بزوتنەوەیەك کە بە چەندین چرکەساتی بەرزونشێوی، پێشڕەوی و پاشکشە، کۆکردنەوەی هێز و لەدەستدانی هێز، هەروەها بەدەستهێنانی ئەزمون و ئاگاهی سیاسی لەگەڵ حزب و هێزە سیاسیەکاندا، تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەم ئاستەی ئێستای.
3. ئەم چرکە ساتەی سێپتەمبەری ئەم ساڵ، لە چاو تەقینەوەی خۆبەخۆیی جەماوەری تووڕە و ناڕازی ئۆکتۆبەری ساڵی پار (2015)دا، نەك هەر لە ڕووی شکڵ و شێوازی ناڕەزایەتی دەربڕین و هێکخراوەیی و

بەرفراوانی و بەشداری تۆژگەلێکی زەرتر لە کەمینانی کرێکار و زەحمەتکێش و ئەهلی کەسبێی ناو بازاڕەوە (بە مانگرتن و دوکان داخستن)، بەڵکو لەووی سیاسی و ناوەندکیشەوە، لە فەرمی خواست و شیعاراتەکانیشەوە کامبونێکی پێوە دیار بوو.

4. نەك هەر ئەم بەڵکو حزبەکانی کۆنە ئۆپۆزیسیۆنی دەورانی پێشوو، واتا (گۆران) و حزبە ئیسلامیەکانی هاوپەیمانی کە وەختێی خۆی بۆئاسانی سواری شەپۆلی بزوتنەوە ناڕازایەتیەکێی 17ی شوباتی 2011 بوون، چانسەکیان هەبوو کە سواری شەپۆلی خۆپشاندانەکێی ئۆکتۆبەری پاریش (2015) ببنەوە، بەڵام لە ئێستادا لەووی بابەتیەوە بەهێی مانەوێی قاچیان لەناو دەسەڵات و هەوێستی ڕێزیلانیان بەرامبەر (پارتی) لە یەکسانی ئابردوودا، ئەو هەڵیان لە دەست خۆیاندا کە بەو ئاسانیە بتوانن سواری شەپۆلی ناڕازایەتیەکانی 27ی سێپتەمبەر(ی2016) ببن. ئەمەش نە بەومانایەیە کە ئەو مەترسیە کۆتایی هاتووە، وە نە بەو مانایەشە کە ئەم بزوتنەوەیە تەواو هاتۆتە دەرەوە لەژێر باری ئاسێی ئەو حزبانە، بەڵکو بەو مانایێی کە زەمینەیەکێی مادی و بابەتێی سیاسی ڕەخساوە بە وەڵانانێی ئەو ئاسە و مەترسیە.

5. گەرچی ئەم دیاردەیە لەم شکڵە لە دەرکەوتنیدا تەنها زەنێی سەوزی گرتۆتەوە، و بەهێی سەرکوت و تەڕەر، خەڵقانێی سیاسی و داپەسەنەرانێی دەزگای سیخوڕێی "پاراستن"ی (پارتی)ەوە، نەیتوانیوە لە زەنێی زەردیشدا خۆی نمایش بکات، بەڵام لەژێرەوە لە ناو دڵی کەمەگەدا لەو ناوچانەشدا زیندوە و وەك مەنجەڵە ئاوەکێی سەر ئاگردان دەکوڵێت و لە ژێرەوە قەپ دەدات، ئەوە پلەیەك لە بەهەزی ئیستیبدادی (پارتی)ە، کە لەم چرکە ساتەدا، وەك سەرقاپەك ڕەگرێ لە هاتنەدەرەوێی. ئەمە لەلایەك و لەلایەکێی تریشەوە خودێی ئەم دیاردەیێی 27 ی سێپتەمبەر گوزارش لە خواست و ئاوات و ئارەزوەکانێی خەڵکێی کرێکار و زەحمەتکێش و هاوڵاتیان دەکات لە تەواوێی کوردستاندا بەهەردوو زەنێی سەوز و زەردیەوە، وە لە شکڵدا ڕووی لە حکومەتێی هەرێم و لە ناوەندکدا بەپلەێی یەکەم دژێ (پارتی)، حزبێی قەرخکاری دەسەڵات و سەروەتە لە کوردستاندا.

